# شانۆ

وەرگیراوە لە شانۆنامەی «ئاواز قوو»لە نووسینی: ئانتوان چیخۆف

وەرگێڕانی لە فارسییەوە:ڕەسووڵ سوڵتانی

نووسین وپێداچوونە دووبارە:

ڕەحمان عەزیزی

کەسایەتییەکان
پیاو.... پیرە کۆمێدیکارێکی ٦٨ ساڵان.
ژن.....

شـــوێن: شـــەوێک پـــاش کۆتـــاییی شـــانۆ، لەســـەر ســـەکۆی شـــانۆی یەکێـــک لە شارەکان

ســـەکۆی چـــۆلی شـــانۆیەکی مامناوەنـــد لە شـــارێک... لە لای ڕاســـتەوە چەنـــد دەرگـــایەکی پێکەوەنـــراوی ڕەنگنەکـــراو، کە بەســـەر پشـــتەوەی ســـەکۆکەدا دەکـــەرێنەوە، لای چەپ و چەقـــی ســـەکۆکە پـــڕە لە شڕوشـــاتاڵی لەســـەریەککەڵەکەکراو... چەنـد کورسـی و چـوارپێچکەیش بەلادا کەوتـوون. شـەو. تاریک.

دیمەنی یەکەم

پیـاو: بە جلـوبەرگی کاڵخاسـەوە... مۆمێـک بەدەسـتەوە، لە لای ڕاسـتەوە دێـتە ژووریَ و قاقا پێدەکەنیَ.

پیاو: ئەها.........چی دەڵێیی؟ بەڕاستی کە....دەستە گوڵم بە ئاوو دا داووە...........لە ژووری جل گۆڕین.........لە خەو دا مامەوە!

نمایش،تەوواوو بووە.....هوڵ،خاڵیە،ومنیش..........خەریکم بە خەرپە خەرپ وخۆرە خۆر،مێشکی سەرم دەبم..............لیبوکی کی سەیەر!یەک پیرە سەگەی خەرەفاو!ڕێک وایە!لەبەرماندوویەتیی.........خۆتداوەبەسەرسەندەڵیەکەدا...وتەواوو...خەوەت لی کەوتووە...ئافەرین..بەوە دەڵێن بیرمەندێکی بامێشک...پیرێکی شانۆکاری بەئەزموون...وپڕلە هووش وبیر....لەڕێیی گەیشتن بەهیچ...

! (هەرا دەکـا.) ئەهـووی! کـیَ لێـرەیە! ئیبلـیس! هەووی! ئەو هەرچیوپەرچییـانە وون بـوون، خـوا لە نێوویـان پـاک کـاتەووە! تووشـی شـەری شـیتان و بەلای ناگەهـان بـن !جنـدۆکە و جـادووکەر دەسـتیان لـیَ بوەشـێنیَ! (چرپـایەک هەڵـدەگرێتەوە، لەسـەری دادەنیشـیَ و مـۆمەکە لەسـەر سـەکۆکە دادەنـیَ.) هـیچ دەنگێـک نـایە... جـگە لە زایەڵەی دەنگـی خـۆم... ئەمـرۆ سـیَ پـوول پاداشـتم دا بە پیێیـان، چـونکە زۆر خۆیـان ڕاگـرت... دیـارە ئەو خـۆڕیوتۆرپییـانە ڕۆیشـتوون و دەرگـای هـۆڵی شانۆشـیان داخسـتووە... (ئـاوڕ دەداتەوە...گـۆرانی دەیـتەوە سـەرخۆش) ئـای کە سەرخۆشـم! پەکـوو! مەگـین هەر خـوا بزانـیَ بە خۆشـیی ئەو

کـابرایەی داهـاتەکەی ئەمشـەوی شـانۆ بـۆ ئەو بـوو، چەنـدەمان شـەراب و بیـرە هەڵقوڕانـد! جەسـتەم پـڕ بـووە لە هەڵمـی کحـوول.... زارم بـۆگەنی شـەرابی لـێ دێ... بێزم لە خۆم هەڵدەستێ...
ساتێک بێدەنگی...

کەرانەیە... پیـرەکەر سەرخۆشــە، خۆیشــی نـازانێ لە خۆشـیی چیـی... پەکـوو... ئەی خـوایە گیـان! هەمـوو گیـانم دێشـێ و ..... وەختـە سـەرم بتەقـێ.. هەم هەمـوو گیـانم دەلەرزێ و... ڕۆحـم وەک ژێرزەمینێـک سـارد و تـاریکە.... کەسـیش نیـیە پـێم بڵـێ، ئـاخر لـۆتی، ئەگەر بیـر لە تەندروستیشـت نـاکەیەوە، هەر نەبـێ بەزەییت بە پیرییەکەتدا بێت...
تاوێک بێدەنگی...

بەڵـێ، پیـری... چەنـدی بخـوازی فێڵـیش بـکەی، چەنـدی خـۆت وەک ئـازا و گورجوگـۆڵان بنـوێنی، چەنـدی بـتەوێ قۆشـمەبازیش بـکەی، ژیـانی خۆتـت تێپەڕانـدووە... شەسـتوحەوت سـاڵ تەمەن، بەوپەڕی ڕێـز و حـورمەتەوە، سـایەت کەم نەبـێ.... عـومر نـاگەڕێتەوە... چیـی لە شووشـەکەدا بـووە خـواردووتەوە و هەر چـۆڕێکی مـاوە... هەر خڵـتەکەی بنـی مـاوە... ئەدی شـانۆکاری ئـازیز... بەڵـێ بـراله.... بڵێـی و نەڵێـی کـاتی ئەوەیە دەوری مـردووان بگێڕی... مەرگ کە بۆ بنیادەم وەک دایک وایە... زۆر دوور نییە...
(چەند هەنگاوێک سەیری پێشەوەی خۆت بکە.)
چلوپێنج ساڵە لەسەر سەکۆ دەور دەگێڕم، هەر دەڵێی یەکەم جارمە بە شەو سەیری شانۆ دەکەم.... بەڵێ، یەکەم جار... بەڵام زۆر سەیرە! هەی گورگ بتخوا!
(لە رامپ دەچێتە پێشێ.)
هیچ نابینم... بەڵام بۆچی... کونێکی بچووکی سۆلفۆر دەبینم... دوای ئەویش گۆشەیەک لەو لۆژە خۆراییە و ئەو سێ پێچکەیەی نۆتەکە و... ئەنگوستەچاو... چاو نابینێ... دەڵێی ڕەهۆڵێکی بێبنە... وەک گۆڕێکی کە مەرگ خۆی تێدا مات دەدا... پەکووو! سەرمامە... بایەک لە هۆڵەکەوە دێ دووکەڵکێشی کوانووت بیر دەخاتەوە... ئێرە خوا دایناوە بۆ بانگکردنەوەی ڕۆح.... خوا بیبڕێ، ترسم ڕێ نیشت... مووچڕکەم بە تیغەرەی پشتیدا هات...
(هەرا دەکا.)

ئەهووی! کەس لێرە نەماوە؟! ئەوە لە کوێن جندووکە؟شەیتانینە؟ ئەی هاوار، باشە من بۆچی ناوی شەیتان دێنم؟ تخوا واز لەو قسانە بێنە، واز لە مەشرووب بێنە، باشە بۆچی پیر بووی، کاتی ئەوەیە بمری.. خەڵک لە شەستوهەشتساڵیدا خۆیان بۆ مەرگ ئامادە دەکەن، کەچی تۆ... هاوار خوایە هاوار! قسەی ناشیرین و دەموقەپۆزی سەرخۆش، ئەو چاکەت و پانتۆڵە لۆتیانەیە... لەخۆم بێزارم... وا باشترە بچم خۆم بگۆڕم... سامناکە... خۆ ئەگەر قەول وابێ بنیادەم تا بەیانی لێرە دابنیشێ، لەوانەیە لە ترسان دڵی بتۆقێ...
(بەرەو ژووری گریمکردنەکەی خۆی دەچێ).

لەو کـاتەدا، لەوســەری ســەکۆکەوە، لە لای ژووری گـریمەکە، نیکیتـا ئیڤـانۆڤیچ کە جلوبەرگێکی سپیی کاری لەبەردایە، دەردەکەوێ.

دیمەنی دووەم

ژن و پیاو..

پیــاو: (هەر ژن دەبینــێ، دەقیژێنــێ و بە ترســەوە دەکشــێتەوە.) تــۆ کێــی؟ کێــت دەوێ؟ چیت دەوێ؟ (پێی بە عەرزەکەدا دەدا.) کێی؟
ژن: منم! من!
پیاو: تۆ کێی؟
ژن: (لەسەرخۆ لێی دەچێتە پێشێ.) منم گەورەم؟!!... شانۆکار،هونەرمەندی بەئەزموون وتوانا.... قوربان، منم! دەنگ دەنگ هات..هاتم بزانم چیە؟وکێ یە؟
پیاو: (داماوانە لەسەر چرپاکە دادەنیشێ، بەحاستەم پشووی دێتە دەرێ و هەموو گیانی دەلەرزێ.) ئەی خوایە ئەوە کێیە؟ ئەوە تۆی؟ تۆی؟ لێرە، لێرە چ دەکەی؟
ژن: دەنگە دەنگ هات وەک هەموو شەوێک قوربان !شەوانە لە ژوورەکانی گریم دەخەوم. خۆ ناچی ڕاپۆرتم لێ بدەی؟... بەخوا هیچ شوێنی دیکەم نییە لێی بنووم.
پیاو: تۆی؟،
ژن:بەڵێ گەورەم ...
پیاو:لە وانە گەڕێ ئێجراکەی ئەمشەوت پێ چوون بوو؟

ژن:وەک هەمیشە
پیاو:خوا هاوار... هەر پەردەکە دادرایەوە، هێندەیان چەپڵە بۆ لێدام، کە شانزە جار گەڕانێیەوە سەر سەکۆکە و سپاسی هەستی بەتینی ئامادە بووان مان کرد... سێ چەپکەگوڵ و دنیایەک شتی دیکە هێنرایە سەر سەکۆکە... بەڵام کەس نەهات ئەو پیرەسەرخۆشە هەستێنێ و بیباتەوە ماڵێ... هاورێ، من پیرم، شێستوهەشت ساڵمە ... نەخۆشم... ڕۆحە لاوازەکەی من ئازار دەچێژێ...
(نێوچاوانی بە باسکی ژنەوە دەنێ و دەگری.) هاورێ، مەڕۆ... پیرم، بێتاقەتم، پێیەکم لەسەر لێواری گۆڕە... دەترسم! سامناکە!
ژن: (لەسەرخۆ و بە ڕێزەوە.) هاوکاری خۆشەویست، تۆ دەبێ بچیتەوە ماڵێ.
پیاو: ناچمەوە.. من ماڵم نییە... نا، نیمە.
ژن: خوا هاوار! بۆ لەبیرت چووەتەوە لە کوێ دەژی؟
پیاو: نامەوێ بچمەوە ئەوێ! لەوێ تەنیام... کەسم نییە. هاورێ گیان، نە خزم و کەسێکم هەیە نە پیرەژنێک، نە منداڵ... بەتاقی تەنێم... وەک بیابان... بێت و بمرم کەس دوعام بۆ ناکا... لە تەنیایی دەترسم... کەسم نییە گەرمم بکاتەوە، بملاوێنێتەوە... منی سەرخۆش لە جێوبانەکەمدا بنوێنێ.... من ئی کێم؟ بەکاری کێ دێم؟ کێ خۆشی دەوێم؟ هاورێ، کەس خۆشی ناوێم!
ژن: (بە فرمێسکانەوە.) خەڵکەکە....ئەوانی وا دێن بۆشانۆ خۆشیان دەوێی،هاوکارە پیرە کەی خۆم
پیاو: "بینەرەکان ڕۆیشتوون و خەوتوون و دەڵقەکەی خۆیانیان لەبیر چووەتەوە... بەڵێ، بەکاری کەس نایەم... کەسیش خۆشی ناوێم... نە ژنم هەیە و نە منداڵ...
ژن: ئەی لەوە، جا خەم لە چی دەخۆی...
پیاو: ئاخر من ئینسانم، زیندووم، گیانلەبەرم، خوێنم لە دەماریدایە نەک چەلکئاو...
ژن:هاورێ، من خانەدانم، کچی بنەماڵەیەکی باشم... تا لەو قووڵکەی بێ بنی شانۆ نەکەوتبووم،
پیاو: لە سوپادا بووم... لە تۆپخانە ...
ژن:گەنجێکی چاونەترس و ژیکەلانە... تا بلێی پاک و ئازا و بەوزە بووم...
پیاو: ئەی خوایە هاوار! ئەی چیم بەسەر هات؟ ئەو شتانەم چوونە کوێ؟ ئینجا هاورێ، نازانی چ ئەکتەرێک بووم !
ژن:ئەکتەرێکی باش!!!؟

پیاو:(هەڵدەستێ و خۆی بە باسکی نیکیتاوە هەڵدەواسێ.) ئەو پێگە و شوێن و ڕۆژانە چوونە کوێ؟ خوایە گیان! ئێستا چاوم بەو قووڵکەیە کەوت و هەموو شتێکم بیر کەوتەوە، هەموو شتێک،هاورێ، ئەو قووڵکەیە چلوپێنج ساڵ تەمەنمی قووت داوە.

ژن:ئەویش چ تەمەنێک،

پیاو: ئێستا کە سەیری قووڵکەکە دەکەم، ڕابردووم ورد ورد، وەک ئەم ڕوخسارەی تۆ دێتەوە پێش چاو.

ژن: کەفوکوڵی گەنجێتی، باوەڕ، حەز و تاسە، تینوگوڕ، خۆشەویستیی

پیاو: ژنان! ژنان هاورێ!

ژن: هەستە هەستە، کاتی ئەوەیە بچی بنووی.

پیاو: ئەوکات کە هێشتا ئەکتەرێکی گەنج بووم و کەفوکوڵی ئەکتەری هەموو گیانمی تەنیبوو، لەبیرمە ژنێک ئاشقم بوو،

ژن:چونکە دەورەکەت زۆر جوان گێڕا

پیاو: ناسک و بەژن و باڵای دەتگوت سنۆبەرە،

ژن: گەنج و پاک و گەرموگوڕ، دەتگوت کازیوەی بەیانییە .

پیاو:هیچ شەوێک خۆی لەبەر نیگای

ژن:چاوە شینەکانی و زەردەخەنە دڵبەرەکەی ڕانەدەگرت .

پیاو:دەزانی شەپۆلی دەریا کە سەریان لە تاشەبەردەکان دەدەن،چیان لێ دێت؟

ژن:دەشکێنەوە، ورد دەبن،

پیاو:بەڵام تاشەبەرد و لەتە سەهۆڵ و بەفر کە خۆیان لە شەپۆلی قژی ئەو دەدا دەشکان! لەبیرمە، ڕۆژێکیان وەک چۆن ئێستا لەبەردەمی تۆ ڕاوەستاوم، ئاوا لە پێشی ڕاوەستابووم .

ژن:ئەوکات لە ڕادەبەدەر جوان بوو و وەها لێتی دەڕوانی

پیاو: کە لە گۆڕیشدا لەبیرم ناچێتەوە..

ژن: لاواندنەوە و ترووسکەی گەنجێتی لە نیگا نەرمەکەیدا شەپۆلی دەدا!

پیاو: بەختەوەر و بەوپەڕی حەز و تاسەوە خەنی خەنی لە بەرپێی ئەژنۆم دادا و داوام لێ کرد بەختەوەرم بکا...

(بەدەنگێکی کز بەردەوام دەبێ.) بەڵام ئەو... گەڕاوە و گوتی:

ژن :ئەم سەکۆی شانۆییە بەجێ بێڵە !

پیاو:سەکۆکە بە.. جێ.. بێ.. ڵە !

ژن:تێدەگەی؟ ئەو لەوانەبوو ئەکتەرێکی خۆش بوێ، بەڵام مەحاڵ بوو مێرد بە ئەکتەرێک بکا !
پیاو:لەبیرمە ئەو ڕۆژە ڕۆڵی بنیادەمێکی ..
ژن:خوێڕی و هیچوپووچت دەگێرا ....
پیاو:ڕۆڵەکەمم جۆرێک گێڕا کە هەستم کرد چاوم خەریکە دەکرێنەوە... ئەو ڕۆژە زانیم
ژن:شتێک نییە ناوی هونەری پیرۆز بێ، بەڵکو هەرچی هەیە وڕێنە و فێڵە ...
پیاو:تێگەیشتم کۆیلە و لێبووک و گاڵتەجاڕ و گەپجاڕی دەست ئەم و ئەوم. بەڵێ، ئەو ڕۆژە سەیرکەرم ناسین و ئیتر لەو ڕۆژەوە بڕوام بە هیچ چەپڵەلێدان و دەستخۆشی و هاندان و چەپکەگوڵ و دەربڕینی هەست و ئەو شتانە نەما... بەڵێ هاورێ... سەیرکەر هەستی خۆی بۆ من دەردەبڕێ،
ژن: پووڵی کم دەداتێ، وێنەکەم دەکڕێ،
پیاو:کەچی خۆم بۆ ئەو کەسێکی بێگانەم، کەسێکی بێنرخم،
ژن:شتێکم وەک ژنەماشووقەیەک ...
پیاو:هەر بۆ ئەوەی هەستی لووتبەرزانەی خۆیم پێ دامرکێنێتەوە،
ژن:دەیەوێ لەگەڵم ئاشنا بێ،
پیاو:ئەگینا خۆی ئەوەندە سووک و بێقیمەت ناکا،
ژن:کە خوشکەکەی، یان کچەکەیت بداتێ... من باوەڕم پێی نییە!
پیاو: (لەسەر چرپاکە دادەنیشێ.) باوەڕم پێی نییە!
ژن: ڕەنگت بە ڕووەوە نەماوە! وا سپی هەڵگەڕاوی تەواو ترسام... هەستە با بتگەیەنمەوە ماڵێ!
پیاو: ئیتر چاو و گوێم کرانەوە...
ژن: بەڵام بە نرخێکی گران!
پیاو: پاش ئەو ڕووداوە، یانی پاش مەسەلەی ئەو کچۆڵەیە... ئاوارەیی و بەلەنگازییە بێئامانجەکانم دەستیان پێ کرد....
ژن: بەبێ ئەوەی سەیری داهاتوو بکەی،
پیاو:لەخۆڕا دەژیام... ڕۆڵی لێبووک و گاڵتەجاڕانم دەدی،
ژن: قۆشمەبازیش دەکرد،
پیاو:شتی خراپم فێری خەڵک دەکرد،...
ژن: ئەکتەرێکی زۆر باشیش بووی، بەهرەیەکی باشت هەبوو !

پیاو:زەوق و بەهرەم لەگۆڕ نا... خۆمم فەوتاند، زمانمم شکاند، سەروبیچمم تێک دا... ئەو قوولکە تاریکە قووتی دام هەلیلووشیم... پێشتر هەستم بەو شتانە نەدەکرد، بەلام ئێستا... کە هەستام و ئاوڕێکم لە دواوەم دایەوە و سەیرم کرد ٦٨ سالم بەدووی قوونەوەیە... ئەوە ئێستا هەستم بە پیرییەکەم کرد... وەک دەلێن: تڕی ئاخریمان کەندووە! (بە دەنگی بەرز دەگری.) تەواو تێدا چووین!

ژن: لەم قسـەیەدەس هەلـگەرە! ... هێـور بەوە... گیـانەکەم... ئەی خـوا هـاوار! (هەرا دەکا.) کێ لیرەیە؟! کێ لێرەیە؟!

پیاو: جا چ بەهرە و زەوق و توانایەکیشم هەبوو! هەر بە خەیالیشتدا نایە کە چەندە بە گفتولفت بووم و چ هەستێکم هەبوو،

ژن: زمان شیرین و بە وردەکار ...

پیاو:(لە سینگی خۆی دەدا.) ئەم سینگە بوو! پشووم سوار دەبێ! گوێ بگرە پیرەژن... با پشوویەکم بێتەوە بەر... بۆ وێنە، گوێ بدە ئەو پارچە شیعرەی گۆدۆنۆڤ:

سێبەری سامناک منی کردە مندالی خۆی و
لە گۆڕەکەی خۆیەوە ناوی نام دیمیتری،
خەلکی دەوروبەرمی هان دا و
بۆریسی بۆ کردمە قوربانی
من تزارۆڤیچم، ئیتر بەسە! شوورەیییە
ئەگەر لەبەردەم ئەو ژنە پۆلۆنییە سووک و ڕیسوا بم!

ژن:ئەوە خراپ نەبوو!

پیاو: (بەکولەوە.) ڕاوەستە... ئەوەش پارچەیەکی "شالیر"ە...

دەزانـی، ئاسـمان ڕەشـە، بە ڕێـژنە دەبـارێ، هەور دەگرمێنـێ، برووسـکە دەدا.... و سینگی ئاسمان شوخال شوخال دەبێ و لەو نێوەدا:

دەی باوبۆران و ڕەشەباکان هەلیکەن...
دەبا لالغاوەتان هەلزڕێ
ئەی تۆف و زریان... ئاوی ئاسمان دە داکەن
با سەر تۆپی بالەخانە بەرزەکان و گومەزەکانیش نقوم بن
تۆش ئەی ئاگری کبریت کە فیکرئاسا هەموو شوێنێک دەتەنیت
ئێوەش ئەی ئەو بروسک و چەخماخەی داربەڕووەکان لەتوپەت دەکەن
دەی ئەم سەر و ڕیشە سپییەم ئاگردەن
تۆش ئەی گەوالەی بەتاو و لەرزە

بازنەیی ئەم دونیا پڕە تەختکە
چی قاڵبی سروشت هەیە تێکی بشکێنە
هەموو تۆوێکیش بە "با" کە کە مرۆڤی سپڵە دروستکا
(لەسەر خۆ.)
تۆ ش... دەی خێرا! (پێ لە عەرز دەکوتێ.)
ژن: (وەک کۆردیلیا)
وەی لەخۆم دڵتەنگێ کە ناتوانم
ڕازی دڵم بخەمە سەر زبانم:
گەورەم من ئێوەم خۆش دەوێ
خۆشەویستی فەرزەندێ بۆ باوکێ
نە کەم و نە زۆرتر.
پیاو:( وەک لیرشا)
چۆن... چۆن کۆردیلیا ..؟
تۆزێ ڕاوێژت چاکە...
با ئەوەی بەشتە کەم نەکا.

ژن: (وەک کۆردیلیا)
هۆ گەورەی بەمرووەتم
تۆ منت هێنایە دونیا، بەخێوت کردم،
خۆشت ویستم، دەبێ ئەو هەقانەت بدەمەوە..
ئەرکە لەسەرم ڕێزت بگرم،
خۆشتم بوێ .. ملکەچت بم
ئەی بۆ ئەو دوو خوشکەم شوویان کرد
گەر دەڵێن تەنیا تۆیان خۆش دەوێ؟
شادانە ... ئەو کاتەی شوو دەکەم
ئەو مەزنەی دەست دەخاتە نێو دەستم
دیارە کە نیوەی خۆشەویستیم دەبا
نیوەی خولیا و خەیاڵ و خەونم،
دیارە کە هەرگیز وەک خوشکەکانم شوو ناکەم
بڵێم (باوکە هەر تەنها تۆی خۆشەویست.)

پیاو:
لە ناخی دڵەوە بنەڕێنە!
هەڵکە، بوەڕە، بگوڕێنە، بسووتێنە!
بۆچ بەزەییت بەمندا بێتەوە؟ چونکە ئاگر و با و باهۆز و باران
کچی من نین.
لەسەر بێبەزەییەکەتان لۆمەتان ناکەم:
لە ژیانمدا دەسەڵاتم پێ نەداون و
بە ئێوەم نەگوتووە ڕۆڵە.
ژن:بەوە دەڵێن دەسەڵات... توانایی، بەهرە. هونەرمەند...
پیاو: وەرە با پێکەوە بەردەوام بین... شتێک لە ڕابردوومان زیندوو بکەینەوە... وەرە با شتێک لە ... (بە شاگەشکەیی، قاقا پێدەکەنێ.) "هاملێت" بنوێن! زۆر باشە... من دەست پێ دەکەم... کام بەشی بنوێنمەوە؟ ئەمەیان: (لە ڕۆڵی هاملێتدا.)

هەملیت: مـان یان نەمـان، کـێشـە ئەوەیە. ئاخـۆ ژیرانەترە تـیـر و تەوژمی بێبەزەییانەی بەخت بەگیان بکێشی یان لە دژی زەریایەکی ئەستەم دەس بکەیتـەوە و بەدژ ڕاوەسـتـان دوایـیـان پێ بێنی؟ مـردن، خـەونێک و چی تر نە؛ بەو خـەونە -تۆ بلـێی- لە دڵە خـورپێ و هەزاران تەکـان و شـەکـان -کـە خەڵاتی سـروشـتـە بۆ لەش- ڕزگـار ببین. جـا ئەوە ئەوپەڕی ئاواتە و بەدڵ دەیخـوازین. مـردن، نوستن، نوستن یان شـایەتـیش خـەو بینین؛ بەڵێ، گـرفت ئەوەیە! ئاخـۆ لە نوستنی مەرگدا - کە ئەم ڕەسنە بێ بەقامانە پچڕاند - چ خەونێ دەبینین وا ناچاری کـردووین لە مـردن دەس ڕاگـرین؟ ئەوەیە ژانی ژیانی بەدرێژاییمان خستووەتە گیانمان؛ دەنا کێیە قایش و قـورچی ڕۆژگار، ملهوڕی ستەمکار، سەرکۆنەی خاوەن دەمار، ژانی ئەوینی خەسار، گـیروکـێشـەی یاسا و بڕیار، بێ حورمـەتی خاوەن کـار و ناپیـاوی نەرم لەگـەڵ نەجیـو و نەرمـونیـان بەگـیـان بکێشێ، لە حـاڵێکدا دەتوانێ بەخەنجەرێکی ڕوون خۆ بسـرەوێنێ؟ کـێیـە ئەو ناحـەزییـانە بەکـۆڵ بکێـشێ و لە ژێر باری ژیانـی ژاکـێنەردا ئاخ هەڵکێشێ و ئارەق بڕێژێ؟ بەڵام ترس لە پاش مـردنە؛ ئەو شـوێنە نادیارە کە لە سنووربییەوە، ڕێبوار نەگەڕاوەتەوە؛ وورەی ورکـردووە و ناچارمان دەکا ئەو ژاڵ و ژانەی هەمانە بکێشین و بەرەو ئەوانی کە لێـیـان نـازانین نەفـڕین. کـەوابوو زانسـتـە، هەمـوومـان ترسنۆک هەڵدەگـەڕێنێ و بریقـەی سـروشـتی دەسکردنەوە بەرەنگی بزرکـاوی بیرکـردنەوە بووڵێن دەکا جا کرد و کۆشەکانی بەکات و کەلێن، بەم بۆنەوە کە زیگەیان کەچ دەبێ و نێوی جێبەجێبوونیان لێ ون دەبێ. جارێ بێ دەنگ بە.

ئوفیلیای جوان! - ئەی خودای جوانی! لە نەزر و نزاکانتدا گشت گوناکانی منیش وەبیرتدا بێ.

ئوفیلیا: سەروەری هێژام! بەڕێزتان پاش ئەو هەموو ڕۆژانە چۆنن؟
هەملیت: بەڕێزەوە سوپاست دەکەم؛ چاک، چاک، چاک.
ئوفیلیا: قوربان! چەند دیارییەکی جەنابتانم لەلایە و لەمێژە دەخوازم بیاندەمەوە؛ تکاتان لێ دەکەم ئێستا وەریان بگرنەوە.
هەملیت: نا، من، نەبووم، ئەمن قەت پێشکەشیم بەتۆ نەداوە.
ئوفیلیا: سەروەری بەڕێزم، خۆتان چاک دەزانن وابووە. لەگەڵ ئەوانەشدا قسەی جوان و بۆن خۆشتان خەڵات دەکردم کە پێشکەشییەکانی بۆندارتر دەکرد. ئیتر بۆنیان پەڕیوە، وەریان بگرنەوە؛ چونکە لای هەستیاران وایە کە پێشکەشکەران وەفایان نەما، پێشکەشییەکانیشیان بێ بایەخ دەبن. فەرموو قوربان!
هەملیت: ها، ها! ئەتو ڕاست و پاکی؟
ئوفیلیا: قوربان؟

**هەملیت: ئەتو جوانی؟**

**ئوفیلیا: مەبەستی جەنابتان چییە؟**

هەملیت: ئەگەر لەسەر ئەوەی شوو بکەی، ئەو توانجەت خەڵات دەکەم: گەر وەکو سەهۆڵ ساردوسڕ بی، پاک و سپی وێنەی بەفر بی، لە تانەوتەشەر ڕزگار نابی؛ سا خۆ بخە دەیرێ. دەبچۆ خودات لەگەڵ! یان ئەگەر بەنیازی مێرد بکەی، شوو بەنەفامێ بکە؛ چونکە پیاوانی ژیر و وریا باش دەزانن بۆ پاکانەی خۆکردن، چ دەعبایەکیان لێ ساز دەکەن. ڕوو لە دەیرێ بکە، بەپەلە و خێرا. بەسەلامەت.
ئوفیلیا: ئەی هێزەکانی ئاسمانی! دەرمانی بکەن.

ئوفیلیا: ئاخ، چ بیرێکی بەرز وەها داڕووخاوە. چاو و زمان و شیری دیوەخان و سەربازان و زانایان، هومێد و گوڵی هیوای ئەو وڵاتە جوانە، ئاوێنەی داب و نموونەی ڕەفتار، چاو ئەنگاوتەی چاو ئەنگێوان، بەتەواوی بەتەواوی، ژاکاوە و منیش ناهمێ و ناشادترینی ژنان، کەوا هەنگوینی بەڵێنە ستران ئاساییەکانیم بەگیان ئەسمی، ئێستا چاوم لە بەرزە پیاوی وڵاتە کە وەکو زایڵەی زەنگ خۆش ناکۆک و گڕ زڕەی دێ؛ باڵا و بەژنی بێ وێنەی لاویەتی بەگژەبای لێوەیی هەڵپڕژاوە. ئای لە من، چیم دی چ دەبینم!

پیاو: (قاقا پێدەکەنێ و چەپڵە لێدەدا)

.... براڤۆۆۆۆ! دیسان... براڤۆۆۆۆ! پیری سەگی کوێیە!

ژن:پیری قسەی قۆڕ و بێمانایە!

پیاو: لە هەموو دەمارەکانمەوە تین و گۆڕ هەڵدەقوڵێ...

ژن:ئەوە ڕێک گەنجێتی و تین و گوڕی ژیانە! ، شوێنێک بەهرە تێیدا هێلانەی کردبێ، پیری سەری پێدا ناکا!

پیاو: ، مات و سەرسامم کردی؟ وایە؟ تاسای؟ دەقەیەک ڕاوەستە... با منیش پشوویەکم بێتەوە بەر... خوا هاوار! جا ئێستا سەیری ئەم وردەکاری و شیرینییە، وەرە گوێ بدەرە ئەم مۆسیقایە! وس س س بێدەنگ!

ژن: هێمنن شەوەکانی ئۆکراین

ئاسمان ساو و ئەستێرە پڕشنگدارن.

هەوا نایەوێ بەسەر خەودا زاڵ بێ

گەڵای سپیدارە زیوینەکان بەحاستەمێک دەلەرێنەوە....[1]

پیاو: : ، عەجایب بەهرە و توانایەکت هەیە!

ژن: با بچین جلەکانمان بگۆڕین... پیری چییە؟ ئەو قسانە بێبنەمان، هاتەرانپاتەرانن... ( گریان و پێدەکەنێ کەیفخۆشانە.)

---

[1]. کۆپلەیەک لە قەسیدەی "پۆلتاڤا"ی پووشکین.

پیاو: تۆ بۆ دەگریت؟ شێتە بچکۆلانەکەی خۆم سەری بە هەنیسکانەوە هەڵدەکەنرێ؟ نا، نا، هیچ باش نییە! بەسەرت باش نییە! هەر ئاوا سەیرێکم بکەی بەسمە، پیری! بۆچی وام لێ دەڕوانی؟ دەی باشە... باشە... (پیاوبە فرمێسکەوە دەستی ژن دەگەرێت وتێدەکوشن سەما بکن(.

پیاو:مەگری... شوێنێک هونەر و بەهرەی لێ بێ،

ژن: پیری و تەنیایی و نەخۆشی ڕووی تێ ناکەن ...

پیاو:خۆ ئەگەر مەرگیش ڕووی تێ بکا، نیوە بە نیوەیەتی ...

(هە ردوودەگرین.)

ژن: ، خۆشەویستم، ئێمە تێدا چووین، ئیتر ئێمە بەسەرچووین...

پیاو: ئاخر من و بەهرە؟ لیمۆی گوشراو، چلوورە، بزماری ژەنگهەڵێناو... تۆش پیرەمشکی شانۆ... ئەکتەرێکی پلە پینج وشەش ...

ژن: دەی با بڕۆین...دیسان شەومان وە درنگی خەست.

دەڕۆن.

پیاو: کێ دەڵێ من بەهرەم هەیە؟ لە شانۆ باشەکاندا هەر بەکاری ئەوە دێم یەکێک بم لە یاوەران و بەردەستەکانی فۆتینبراس... ئێستا پیر بووم و بەکاری ئەوەش نایەم... ئەدی... ، ئەم پارچەیەی ئۆتێللۆت لەبیرە؟

مالاوا ئەی هێمنی! مالاوا ئەی حەساوەییم!
مالاوا ئەی سوپای ڕێکخراو
ئەی ئەو شەڕە پڕ شانازییانەی کە تێیاندا
بەرزەفڕی، بە ئازایەتی دادەنرێ؛
مالاوا ئەی ئەسپە بەحیلە و کۆڕژنەکەم،
ئەی چریکەی کەڕەنا و گرمەی تەپڵ،
مالاوا ئەی ناڵەی فلووت و ئەی ئالای پاشایەتی،
مالاوا ئەی سەربەرزییەکان و
ئەی دڵەڕاوکێ پڕ کەفوکوڵەکانی شەڕە شانازی خولقێنەکان!

ژن: ئەی لەو بەهرەیە! لەو بەهەرەیە!!
لە مۆسکۆ دەڕۆم و قەت ڕووی تێ ناکەمەوە
شەرت بێ ئاوڕ نەدەمەوە و

سەری خۆم هەڵگرم بڕۆم
تا قوژبنێک بۆ هەستی سەرکۆنەکراوی خۆم دەدۆزمەوە!
گالسکەکەم ئامادە بکەن، گالسکەکەم!
ژن: (دەچێتە دەرێ....)
پیاو:(روو دەکاتە لای درگاکە)خاتوونەکەم! خۆشم دەوێیت، خۆشەویستییەک گەرمتر لە خۆشەویستیی ئۆتێلۆ بۆ دێزدەموونا .
پیاو:(روو دەکاتە بینەران)
پیاو: ژیان گەرەلاوژەیەکی بێمانایە--ئێمە خۆمان دەژین یان چیرۆکەکانمان؟ ئێمە زیاتر لەوەی خۆمان بژین، چیرۆکەکانمان دەژین. کەوابوو ئەگەر هەتا ئێستا چیرۆکی ژیانی خۆت نەدۆزیوەتەوە، "خێرا کە مردن خەریکە بگات".
پیاو: (بە دم چوونە دەرووە وەک ئەسپ)ئەسپ!ئەسپ!پاشاییتێەکم.. دەگۆرمەوە بە ئەسپێک!
پەردەکە نەرم نەرم دادەرێتەوە.